# تەکنۆلۆژیاو دەروازەیەك بەڕووی كرانەوەی فەرهەنگدا

م. ڕێژنە معروف حسين
زانکۆی ڕاپەڕین

م.ی شنۆ عەولّا حەمەدئەمین
وەزارەتی پەروەردە

كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی

## ملخص البحث

يعتبير علم المفردات من المسائل المهمة فى مجالات البحث اللغوى، حيث يتركز على التصنيفات العلمية من وجهة النظر اللغوية، وابدى القليل من اللغويين بآرائهم فى مجال علم المفردات، ومن المسائل الجديرة بالدراسة للكشف عن قوانين المفردة الادبية وجمالياته النصوص و دراساتها، و من ثم استنباط عناصر الخطاب اللغوى فى النصوص الشعرية.

للتكنولوجيا دور مهم في رفد اللغة بمعطيات ابجابية، والذي مازال يحتاج ال البحث و الدراسة، حيث و الولوج ال مكامن النص، و معرفة أصل وايجاد المفردات اللفظية تعامل علماء اللغة مع المفردات كوحدة مكونة من الذات و المضمون، حيث ان الذات هو سمو اللغة و طواعيته لاوامر السياق اللغوي، و المضمون هو البنية الخطابية للغة، من التعمل مع المفردات و تسخيرها من أجل توجيه خطاب لغوي، يستلهم منه القاريء المباديء التى بنيت عليها علم اللغة.

تعامل اللغويين الكورد كأسلافهم من اللغويين الغرب والعرب من النص كوحدة جمالية ذات سياقات ادبية و فلسفية تبحث عن أصل وجود المفردات اللغوية لتتلاقي مع جمال ابداعات اللغويين من خلال الولوج الى داخل النص من أجل تطابق الافكار مع فلسفة الوجود.

## پێشەکی:

مێژوو گەواهیدەرە کەوا جیهان بەکۆمەڵێك شۆڕشی مرۆڤایەتی تێپەڕیوە لەنێوان ڕۆژانی ڕابردوو ئەمڕۆدا، کۆتا شۆڕش شۆڕشی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندییەکان بووە ، لەئەنجامی ئەم هەموو گەشەو پێشکەوتنەی قۆناغەکانی ژیان، داواکاری بۆ تەکنەلۆژیا لەزیادبوونە، چونکە تەکنەلۆژیا بۆتە جێگرەوەی هەموو شتومەك و کاڵا کلاسیکی و کۆنەکان.

لەئێستادا گرنگی تەکنەلۆژیا گەیشتۆتە ئاستێك کە بۆ ڕایکردنی کاروباری هەرتاکێك یان هەردامەزراوە و ڕێکخراو تەنانەت دەوڵەتانیش زۆر پێویستە. لەوانە تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکان، بەجۆرێك ئەم بوارە گەشەکردنی لەڕادەبەدەر خێرایە کە لەماوەیەکی زۆر کەم گۆڕانکارییەکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، بێگومان ئەمانەش لەڕێگەی داهێنانە جۆراو جۆرەکانەوەیە لەم بوارەدا، وەك (مانگە

دەستەکردەکان، تۆڕەکانی مۆبایل و ئینتەرنێت....هتد) ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە کردەی پەیوەندی بەشێوەیەکی خێراو بەکەمترین کات و بەکەمترین تێچوو بەرەو پێشەوە بڕوات، چونکە کارئاسانییەکی زۆری لە بواری پەیوەندیدا کردووە.

زمان و تەکنۆلۆژیا دوو پێویستی گرنگی ژیانی مرۆڤن، زمان هۆکاری سەرەکی بونیادنانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، تەکنۆلۆژیاش لە دوای پەیدابوونی لە هەموو چاخ و سەردەمێکدا هاوتاو پارێزەری هاوسەنگی ژیانی مرۆڤ بووە. مرۆڤ لەوەتەی هەیە وەك چۆن ناتوانێت دەست بەرداری زمان ببێت، ئاواش ناتوانێت دەستبەرداری تەکنۆلۆژیا ببێت، ئینجا ئەو تەکنۆلۆژیایە چ لە شێوەی هەرەسادەدا بووبێت، یان لەلوتکەی تەکنۆلۆژیای ژمارەیدا بێت، کە لەم سەردەمەدا مرۆڤ بۆ ڕاییکردنی ژیانی ڕۆژانە سودیان لێوەردەگرێت و بەکاریان دەهێنێت.(داراحمید محمد،٢٠١٤ : ١١٥) لەبەر ئەو ڕۆڵ و گرنگییەی، کە هەیەتی تەکنەلۆژیا بەگشتی و تەکنۆلۆژیایی زانیاری و پەیوەندی بەتایبەتی لە ئێستادا لە هەموو ماڵێکدا بوونیان هەیە وەك ئامێرەکانی مۆبایل و کۆمپیوتەرو تەلەفزیۆن و ...هتد. گرفتەکە لێرەدا ئەوەیە، کە ئەو ئامێرانە بەمشێوە فراوانە بەکاربێت کاریگەری لەسەر زمان دەبێت بەباش و بە خراپ! کەواتە لێرەدا ئامانجمان ئەوەیە بزانین کاریگەرییان بە چ شێوەیەك لەسەر فەرهەنگی زمانەکە هەیە؟ سنوری توێژینەوەکەش تەنیا وەرگرتنی ئامێری (تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت)ە بۆ دەرخستنی ڕۆڵیان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی. ڕێبازی توێژینەوەکەش وەسفی شیکاری ئەنجامدراوەو. توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو تەوەرو ئەنجام پێکهاتووەو لەکۆتایدا کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی نوسراوە، لەتەوەری یەکەمدا باس لە تەکنۆلۆژیاو قۆناغەکانی تەکنۆلۆژیا، فەرهەنگ و جۆرەکانی دەکەین، لەتەوەری دووەمدا ئاماژە بۆکاریگەری تەلەفزیۆن (T.V) و تۆڕەکانی ئینتەرنێت دەکەین.

### تەوەری یەکەم

### تەکنۆلۆژیاو ڕۆڵی تەکنۆلۆژیایی زانیاری و پەیوەندی لەبەرەو پێشبردنی زمان و فەرهەنگ

### ١/١) تەکنەلۆژیا (Technology):

وشەیەی تەکنەلۆژیا لەبنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە لەدوو بەش پێکدێت، (Techno) بەواتای بەکارخستنی پیشەسازی و (Logos) بەواتای زانست یان پرۆگرام دێت، هەردوکیان بەیەکەوە بەواتای زانستی بەکارخستنی پیشەسازی دێت. نوسەران و زانایانی بوارەکە بەشێوەی جیاجیا ناساندنیان بۆ وشەی تەکنەلۆژیا کردووە لەخوارەوە ئاماژە بۆ بەشێکیان دەکەین[1].

[1] -https://dspace.univ-ouargla.dz/jspui/bitstream/١٢٣٤٥٦٧٨٩/٥٨٤١/١٣/chapitre١.doc

– بریتییە لە جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی وەرگرتن لەتوێژینەوە ئەزموونی زانستی بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی ژیان، واتا تەکنەلۆژیا تەنها ئامێرەکان ناگەیەنێت بەڵکو بنچینەی بیردۆزی زانستی دەگرێتەوە، ئامانجی باشترکردنی ڕەفتاری مرۆڤە لەو کردەوانەی لەژیانی ڕۆژانەی ئەنجامی دەدات.

لەلایەنی شیکردنەوەی ئابووری، بریتییە لەکۆمەڵێك زانیاری و ئەزموونی نوێی، کەدەتوانێ بگۆڕدرێت بۆلایەنی بەرهەم، یا دەتوانرێت بەکاربێتەوە بۆ لایەنی شتومەك، یانیش بەکاربێت بۆ لایەنی خزمەتگوزاری، وەك ئەوەی ئەمڕۆ لەتەکنۆلۆژیایی زانیاری و پەیوەندی دەبینین چ خزمەتێکی لە بواری پەیوەندیدا کردووە[(١)].

بەشێوەیەك لەسەرەتادا پەیوەندی بەرێکەوت نەبووە بەڵکو بەرهەمی کۆمەڵێك هەوڵە کەمرۆڤ بەدرێژایی مێژوو داویەتی لەسەرەتادا پەیوەندی زۆر سەرەتاو سادە بووە تا ئێستا دەبینین کۆمەڵێك ئامێری جۆراو جۆر لەم بوارەدا پەیدابوون، چونکە ژیانی مرۆڤ بەژینگەکەیەوە بەستراوە، لەسەرەتا پەیوەندی بریتیبووە لە گواستنەوەی هەواڵ لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر لەرێگەی بەکارهێنانی ڕێگەو نیشانە وەك هەڵکردنی ئاگر، یان دەرکردنی دەنگ لە ڕێگەی لێدان لەشتێکەوە، لەکاتی هەبوونی مەترسی و خۆشی، ئەمانەش پەیوەندییان بەبیستن و بینینەوە هەبووە، تا قۆناغی دۆزینەوە، پەیوەندییەکان بوون بەکۆمەڵ لەوێدا نوسین لەگەڵ کاغەز و چاپکردن هاتەکایەوە، واتا دوای قۆناغی سەدەی نوێ چاپکردن گەشەی کردوو ئامرازی دی بەکارهات کە زۆر خێرابوو وەك (ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، مۆبایل و کۆمپیوتەر...هتد) بۆ تۆمارکردن و پاراستن و گواستنەوەی زانیارییەکان. لێرەوە توانرا چەند قۆناغێك بۆ گەشەکردنی پەیوەندی بخرێتە ڕوو:

١– قۆناغی پێش زمان: لەم قۆناغەدا مرۆڤ دەنگ و هێمای دەست و لاشە و ئاگر و چەند ئامرازێکی تری بەکارهێناوە. ئەم قۆناغە بەپەیوەندی زارەکی و هێمایی ناسراوە.

٢– قۆناغی پەیدابوونی زمان: لەم قۆناغەدا مرۆڤ هێمای دەنگی بەکارهێنا.

٣– قۆناغی نوسین: لەم قۆناغەدا کەنوسین پەیدابوو بازنەی پەیوەندی فراوانبوو.

٤– قۆناغی دۆزینەوەو پەیدابوونی چاپ: لەم قۆناغەدا (جونتبرغ) بەشداریکرد لە پەیدابوونی شت و مەك و کەلوپەلەکانی چاپکردن وەك کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامە.

٥– قۆناغی تەکنەلۆژیاو پەیوەندی: لەم قۆناغەدا ڕادیۆ و تەلەفزیۆ ن و مۆبایل و مانگە دەستکردەکان تۆڕەکانی پەیوەندی و زانیاری داهێنرا[1]. بەردەوامیش بەپێیی قۆناغەکانی ژیان زمان گۆڕانکاری بەسەر دادێت.

کە هەریەك لەو قۆناغانە کاریگەری خۆی لەسەر زمان هەبووە بە تایبەت سێ قۆناغی کۆتایی ، کە قۆناغی نووسین و پەیدابوونی چاپ و قۆناغی تەکنۆلۆژیای پەیوەندی دەگرێتەوە بەم شێوەیە:

چۆن لە قۆناغی نووسیندا زمان بەرەو پێشەوە ڕۆیشت؟

داهێنانی نووسین هەنگاوێك بوو بۆ گواستنەوەی بیرو هزر و ئەزموون و تۆمارکردنی ڕووداو دەسکەوت و پاراستنی زمان. هەروەها هەنگاوێکی باشی خزمەتکردنی زمانانی جیهان بوو، چونکە زمانی نووسین دیوی دووەمی ئاخاوتنە بەهۆی نووسینەوە ئاخاوتن گوێزراوەتەوە بۆ شوێنە دوورە دەستەکانی وڵاتان. زمانی نووسین هەروەك ئاخاوتن هۆکارێکە بۆ لەیەکگەیشتن و گواستنەوەی بیر لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا، لێرەدا بەهای زمانی نووسین هاوتا دەبێت لەگەڵ بەهای خودی زماندا. چونکە میکانیزمی بەجێهێنانی زمان بۆ ئەرکەکانی نووسینە. بەبێ نووسین مەحاڵە زمان بتوانێت وەك پێویست ئەرکەکانی خۆی بەجێ بهێنێت، ئەمەش بەڵگەی بوونی پەیوەندییەکی پتەوی نێوان زمان ئاخاوتن و زمانی نووسینە.(دارا حەمید محمد: ٢٠١٤: ١١٦– ١١٧)

زمانی نووسین بە گەلێك شێواز خزمەت بەزمان دەکات بەم شێوەیە:

١– پابەندبوون بە یاسا زمانییەکانەوە( فۆنەتیکی، مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی)

٢– دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی زار.


٣– گەشەکردن و پاراستنی زمان لە لەناوچوون.

لە قۆناغی دۆزینەوەو پەیدابوونی چاپیشدا، ئەرکی بڵاوکراوەکان جگە لە هۆشیارکردنەوەو ڕۆشنبیرکردنی خەڵك، بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارو لە چاپدانی کتێب زمان بەرەو پێشچوونێکی زۆری بە خۆیەوە دیت. هەر لە دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی (کوردستان) لە ساڵی ١٨٩٨ هەتاکو بڵاوکراوەکانی ئێستا زمان زۆر قۆناغی بڕیوە چەندین وشەو زاراوە دروستکراون یان هێنراونەتە ناو فەرهەنگی زمان.

قۆناغی کۆتایش، که قۆناغی ، کارئاسانییەکی زۆر بۆ مرۆڤ دەکات، له پرۆسەی پەیوەندیکردندا، دیاره پەیوەندیکردنیش یەکێکه له ئامانجه سەرەکییەکانی بەکارهێنانی زمان، ئاسانکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکان بەبێ پەنابردنه بەربەکارهێنانی بۆ نموونه: هێماکاری یان زمانی جەسته له پەیوەندیکرندا..(دارا حەمید محمد: ٢٠١٤: ١٢٣). له تەوەری دووەم رۆڵی تەکنۆلۆژیای زانیاری و پەیوەندی لەسەر زمان فەرهەنگ به درێژی خراوەتەڕوو.

### ١/٢)ڕاگەیاندن و فەرهەنگ:

له ئێستای زمانی کوردیدا ڕاگەیاندن هۆکاری سەرەکی و کاریگەری واڵاکردنی سەرجەم دەروازەکانه بەرووی زمانی کوردیدا، ڕاگەیاندن له ئەمرۆدا وای کردووه به لێشاو وشەی تازه بێته ناو زمانەوه، ئەم هاتنی بەلێشاوی وشەیه بۆ ناو زمان کاریگەری لەسەر دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەکه هەیه، به هیچ شێوەیەك ناتوانرێت پێشی لێبگیرێت، بەگشتی ئەم وشانەی که له ئێستادا دێنه ناو فەرهەنگی زمانەوه، دەچنه ناو فەرهەنگی گشتی زمان و گونجانێکی زمانی دێننه ئاراوه، بەڵام مەرج نییه هەموو وشه و زاراوەیه له ناو فەرهەنگی زماندا توانای مانەوەی هەبێت، وەك ئاشکرایه فەرهەنگی زمان له دووجۆر فەرهەنگ پێکدێت، که بریتین له فەرهەنگی بنەڕەتی و فەرهەنگی گشتی، لەم دیاگرامەدا ڕوونکردنەوەی زیاتر دەبینرێت.




### کۆی فەرهەنگی زمان:

تێکرای وشەکانی زمان دەگرێتەوه له وشەی نووسراو و نەنووسراو چالاك و سست و بیستراو و تابوو قەدەغەکراو وشەی له ناوچوو کەم بەکارهاتوو، جیهانی وشه جیهانێکی فراوان و کراوەیه، لەبەرئەوه گەنجینەیەکی گەورەی زمان پێکدەهێنێت. تاگەشەکردنی وشه بەردەوام بێت ئەوا لەلایەك فەرهەنگی زمان زەنگینتر دەبێت و لەلایەکیتریش زمان له فەوتان دەپارێزێت و بەردەوامی به گەشەی زمان دەدات. (عوسمان کەریم عەبدولڕەحیم: ٢٠١٤: ٣). بێگومان ئەمەش له ڕێی کۆمەڵێك هۆکارەوه دەبێت، که ڕاگەیاندن یەکێك لەو هۆکارانەیه بەتایبەت هەردوو ڕاگەیاندنی

تيڤی و ئینتەرنێت بە هەموو بەشەكانییەوە لە ئێستادا توانیویانە دەیان وشە لە زمانانی جیهانەوە بگوازنەوە بۆ ناو فەرهەنگی زمان، ئەمە لەسەر ئاستی جیهان بەگشتی و لەسەرئاستی ناوخۆی زمانیش توانیویانە رۆڵی لەیەك نزیك كردنەوەی دیالێكتەكان ببینن و چەندەها وشەی نەبیستراو بەخەڵك ئاشنا بكەن، مەرجیش نییە هەموو وشەیەك، كە دەبیسترێت لەلایەن هەموو توێژێكەوە پێشوازی لێبكرێت.

### أ– فەرهەنگی بنەڕەتی:

لە كۆی ئەم وشانە پێكهاتووە، كە هەڵقوڵاوی ناو خەڵكن و وشەی ڕەسەنی زمانەكەن و ڕێكەوتنێكی كۆمەڵایەتییان لەسەرە. ((مەبەست لە فەرهەنگی بنەڕەتی كۆی ئەو وشانەیە، كە لەزماندا هەن و كۆمەڵ بە گشتی لەسەری ڕێكەوتوون.))، (رۆژان نوری عبدالله:٢٠٠٧: ١٠). فەرهەنگی بنەڕەتی زمان زیاتر لە وشەی پەتی و خۆماڵی پیكدێت كە كۆمەڵانی خەڵك لەسەری ڕێكەوتوون، بە شێوەیەكی گشتی ئەو وشانەی فەرهەنگی بنەڕەتی پێكدەهێنن، لە توانایاندا هەیە ببنەوە بە بناغەی دروستكردنی وشە و زاراوەی نوێ كە دەچنە ناو فەرهەنگی گشتی زمانەوە.

### ب– فەرهەنگی گشتی:

هەرچی فەرهەنگی گشتی زمانە هەموو جۆرە وشەیەكی كوردی و دروستكراو وەرگیراو و زاراوە و وشەی تازە پەیدابوو لە خۆ دەگرێت. فەرهەنگی گشتی لە ڕووی ژمارەوە بێ سنور وشە لە خۆ دەگرێت هۆیەكانی دەوڵەمەند بوونیشی بەستراوە بە گەشەسەندنی ژیانی مرۆڤەوە لە هەموو بوارەكانی ژیاندا (عوسمان كەریم عەبدولڕەحیم: ٢٠١٤: ١٠) هۆكاری داگیركاری لاواز بووە ئەمرۆ بەهۆی تۆڕە پەیوەندییەكانەوە كۆت و پەیوەندكردنی زمان سەختە ئەگەر مەحاڵ نەبێت. لە ئەنجامی پێكەوە ژیان و تێكەڵاوی كۆمەڵایەتی و ئابوری و ...هتدلە نێوان نەتەوەكاندا وایكردووە، كە وشەكانی زمانان سنور ببەزێنن و تێكەڵاوی دروست دروست بكەن. ئەمیش ئەوە دەسەلمێنێت كە نەتەوەكان لە مێژەوە پێكەوە ژیاون و مامەڵەیان پێكەوە كردووە، بۆ نموونە بڕوانە قورئانی پیرۆز پڕە لە وشەی ( سریانی و فارسی و ...هتد). كە ئەم نەتەوانە پێكەوە ژیاون سەبارەت بە وشەكانی ( زابت، ڕوتبە، مەنسەب...) ئەم وشانە زیاتر وشەی زمانی قسەكردنن، چونكە وشەی كوردی هەیە لەبری ئەوان بەكاربێت وەك ( ئەفسەر، پلە، پایە...) زۆر بەئاسانی جێگەیان پێ لەق دەكرێت.

**٣/١) کاریگەری گەشەسەندنی شارستانیەت لەسەرفەرهەنگ:**

گەشەسەندنی شارستانیەت و پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤایەتی کاریگەری لەسەر زەنگینکردنی فەرهەنگی زمان هەیە، هەر وشەیەك کەلەئێستادا لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکان و سەرجەم تۆڕەکۆمەڵایەتی و سایت و پێگە ئەلکترۆنییەکان دەبینرێت و دەبیسترێت هۆیەکی دەوڵەمەندکردنی زمانە. هەر داهێنانێکی تەکنەلۆژیای، کە کۆمەڵگایەك خاوەنیەتی بێگومان ئەم داهێنراوە سەرەتا موڵکی ئەوە و خۆیان ناوی داهێنراوەکەیان داناوە، کاتێکیش ئەم داهێنراوە دەگاتە ناو کۆمەڵگایەکی تر ئەگەر لە توانایاندا هەبوو ناوێکی بۆ دەدۆزنەوە جا ئەم ناو نانە لەلایەن ئەکادیمیا و ناوەندێکی زانستی و ڕۆشنبیری بێت یاخود لەلایەن دەستەو تاقمێکەوە بیت، بەڵام زۆربەی کات داهێنراوەکە هەر بەناوە بنچینەیەکەی خۆی دەڕوات، لە ئێستای زماندا بۆ ئەمە دەیان نمونەمان هەیە وەك: کۆمپیوتەر، مۆبایل،سیدی، دیڤیدی، میمۆری پاوەربانك، ... هتد کە هەر بە ناوی خۆیانەوە ڕۆیشتوون، هەندێك جار زاراوەیەك بۆ داهێنراوەکان دادەنرێت، بەڵام ناڕوات بێگومان ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە، کە کۆمەڵ بەکاری ناهێنێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پێشتر ئەو تەکنەلۆژیایە بەر لەدانانی ناوە کوردییەکە ناوەکەی خۆی بڵاوبۆتەوە و داهێنراوەکان کوردی نین، واتە کورد ئەوانەی دانەهێناوە ئەگەر داهێنراوی خۆی بێت دەشێت ناوێکی کوردی لێ بنێت و کۆمەڵگاش بەکاریدەهێنێت. ((لەزمانی کوردیشدا (تەلەفۆن، دوورژەنەفت)،(تەلەفۆن)بەردەوامە و(دوورژەنەفت) لەناوچووە ... هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەمەی کە زاراوە کوردییەکان دوای بڵاوبوونەوەی زاراوە بیانییەکانی ئەو ئامرازانە هێنراونەتە ئاراوە))، (کەمال جەلال غەریب: ٢٠١٢: ١٢٢).

لە هەموو بارێکیشدا وشەیەکی تازە بۆ فەرهەنگی زمانەکە دروست دەبێت، واتە چ ناوی داهێنراوەکە وەك خۆی بەکار بهێنیت،وەك(پرینتەر) (printer) یاخود گۆڕانکاری تێدابکەیت وەك (bus) گۆڕانی دەنگی و ڕەنووسی تێداکراوە بووە بە (پاس) (television) (تەلەڤیژن) بووە بە(تەلەفزیۆن یان تەلەفیزۆن) ، یاخود ناوێکی تازەی بۆ دابهێنیت، وەك (microscope) (وردبین)، وشە و زاراوە بەهەر شێوەیەك لەم شێوانە هاتبێت ناو زمان و ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتی لەسەر بێت، واتای دەوڵەمەند بوونی فەرهەنگ دەگەیەنێت .

**تەوەری دووەم**

**کاریگەری ڕاگەیاندن (تیڤی و ئینتەرنێت) لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا:**

**١/٢) ڕۆڵی تیڤی لە سەر فەرهەنگی زمان:**

يەكێك لە بەشەكانی ڕاگەیاندن بریتییە لە تیڤی بە هەموو جۆرەكانییەوە (تیڤی پەروەردەیی ، سیاسی زانستی كۆمەڵایەتی، درامایی ....) هەریەكێك لەمانە لە هەموو ماڵەكاندا بوونی هەیە و كاریگەری زۆری لەسەر یەكەیەكەی تاكەكانی كۆمەڵ هەیە لە هەموو تەمەن و ڕەگەز و پلەوپایەكی كۆمەڵایەتی، زۆر لەم وشە و زاراوانەی لە ڕێگەی كەناڵەكانی تەلەفزیۆنەوە دەبیسترێن بە ئاسانی كاردەكەنە سەر هزر و فەرهەنگی هەموو تاكێكی وەرگر. (پەیوەندییەكی بەهێز لەنێوان ڕاگەیاندن و فەرهەنگی زماندا هەیە ڕاگەیاندن لە ڕێگەی ئەو وشانەی كە لە فەرهەنگ دایە كاریگەری دروست دەكات لەسەر تاكەكان، هەروەها ڕاگەیاندنیش دەتوانی بەئاسانی ئەو وشەو زاراوانە بگەیەنی كە هاتوونەتە ناو فەرهەنگی زمان)، (تەلار صباح عمر: ٢٠١٧: ٦٧٣). لە ئێستای زمانی كوردیدا هاتنی وشەكان بۆ ناو زمان لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەكانەوە هاتنێكی بێسنورە بۆ نموونە چەندین وشەی وەك (ستایل، ماركێت، بایكۆت، ....) ڕۆژانە بەرگوێ دەكەون، ڕاگەیاندن ((یەكێكە لەو هۆكارە گرنگانەی كە یەكگرتوویی و زیندوویی زمان نیشان دەدات بەكۆڵەكەی دروستبوونی زمانی یەكگرتوو دادەنرێت، پەیرەوكردنی زمانی یەكگرتوو لە ڕاگەیاندنەكانەوە (بینراو– بیستراو) دەبێتە هۆی یەكخستنی هەست و سۆزی نەتەوەیی لای تاكی كورد بەرانبەر بە زمانەكەی بە پێچەوانەشەوە ئەگەر هەر ڕاگەیاندنە و جۆرێك لە زمان بە ویستی ناوچەچێتی پەیڕەو بكات ئەوا دەبێتە هۆی پەرت بوونی هەستی نەتەوایەتی تاكی كورد))،( عوسمان كەریم عەبدولڕەحیم: ٢٠١٤: ١٠٥) زمان و ڕاگەیاندن هەردووكیان كاریگەریان لەسەر یەكتر هەیە، بەڵام مەرج نییە هەردووكیان لە ڕووی كاریگەرییەوە بەیەك ئاڕاستە كاربكەن گومانی تێدا نییە ڕۆڵی ڕاگەیاندن زیاترە لەسەر زمان، چوونكە ڕاگەیاندن لە ئێستادا بەهێزترە، بۆیە كاریگەری لەسەر زمان لە ئاستێكی بەرزدایە.

هەندێكجاریش وەك لە ئێستادا دەبینرێت و دەبیسترێت ڕۆڵی تەلەفزیۆنەكان زیانی بەسەر فەرهەنگی زمانەوە هەیە، كاتێك دەبێتە هەڕەشەیەكی گەورە بەسەر زمانەوە كە چەندین وشەی كوردی پەتی ڕەسەن و جوانمان هەیە دێن تەنها بۆ خۆدەرخستن و بەناو گۆڕانكاری و داهێنانەوە وشەیەكی بیانی دەخەنە ناو ڕاگەیاندنەوەو زۆر بەكاری دەهێنن بۆ نمونە وشەی (بانگەشە،شێواز، .... ) مان هەیە، لە جیاتی ئەوانە دێن وشەی(ڕیكلام، ستایل، ....) بەكاردەهێنن، دیارە دەیان وشەی تریش بەم جۆرە هەن، كە ئەمەش وادەكات نەوەی تازە تاڕادەیەك ئاشنایەتی كەم بێتەوە لەگەڵ كلتور و وشەی ڕەسەنی زمانەكەی و دووری دەخاتەوە لەبەكارهێنانی وشەی كوردی پەتی و ناهێڵێت ڕێگا بدۆزێتەوە بۆ دروستكردنی وشەی نوێباو كە چەندین یاسای مۆرفۆلۆجیمان هەیە بۆ پێكهێنانی وشەی تازە، لە لایەكی تریشەوە كاریگەری نەرێنی لەسەر خووڕەوشت و داب و نەریتی كۆمەڵایەتی وكلتوری تاكەكان هەیە.

### ٢/٢) كاریگەری ئەرێنی تیڤی:

هەموو ئەو ئەوانەی، كە كار لە دەوڵەمەندی فەرهەنگی زمان دەكەن دووجۆر كاریگەری جیدەهێڵن كاریگەری ئەرێنی و كاریگەری نەرێنی، مەرج نییە هەموو ئەو وشەو زاراوانەی لە ڕێی ڕاگەیاندنەكانەوە دەبیسترێن لە ناو هەموو تاكەكانی كۆمەڵ بەكاربێن، زۆرجار ئەو وشەو زاراوانە تەنها چینێكی دیاریكراو بەكاریان دەهێنێت، هەندێكجاریش ئەو زاراوانە تەنها لەلایەن خودی ڕاگەیاندن كارەكانەوە بە كاردێن.

(زمانی ڕاگەیاندن بۆ وردی بەکارهێنانیان دەگەڕێتەوە، ڕاگەیاندنکاران لە بایەخ و گرنگی گەشەپێدان و پەرەپێدانی گەنجینەی وشە و زاراوە و دەستەواژە تێدەگەن )، (چۆڵی ئەسعەد: ٢٠١٣: ٣٤). سەرەڕای هێنانە ناوەوەی وشەو زاراوەی بیانی بۆ ناو زمانی کوردی ڕاگەیاندنە چالاک و بوێرەکان هەمیشە بەدوای وشەی دانسقە و ڕەسەندا دەگەڕین بۆ دووبارە زیندووکردنەوەی وشە لەکارکەوتووەکانی زمان، یان هەوڵ دەدەن جارێکی تر لەقالبێك و یاسایەکی مۆرفۆلۆجیانەدا وشەیەکی تازە دروست بکەن، لەم چەند ساڵەی ڕابردوو لە ئێستاشدا تیڤییەکان ڕۆڵێکی چالاك و بەهێزیان هەبووە لە تێکەڵاوکردن و ناساندن و ئاشناکردنی شێوەزارەکانی زمانی کوردی بەیەکتر لە ڕێگەی دەنگ و ڕەنگەوە کە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، توانراوە تاڕادەیەکی باش ئاوێتە بوونی شێوەزارەکان بکەن، زۆر وشە و زاراوە بوونە بە هاوبەش لە بەینی زمانی یەکگرتوو شێوەزارەکانی تردا، نەك تەنها وشەو زاراوە لە ئاستەکانی تری زمانیشدا چەندین فرێزو ڕستە بەرچاو دەکەون، شێوەزارەکان بەیەکێك لە ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان دادەنرێن، کە لەم ناوەندەدا ڕۆڵی بەرچاویان هەیە، بۆنمونە کاتێك هەواڵێك بە زمانی یەکگرتوو دەخوێنرێتەوە دواتر هەمان هەواڵ بە شێوەزاری کرمانجی ژووروو دەخوێنرێتەوە لەم ڕێگەیەشەوە ئاشنادەبین بە دەیان وشەی نەبیستراو شێوەزاری بەرامبەر، هەندێك لە گرنگترین ئەو وشانەی کە لە شێوەزارەکانی تر هاتوونەتە ناو زمانی یەکگرتوو وەك: (کەنگەشە، شرۆڤە، هێڤی، پەیڤین، هەڤاڵ، نێچیرڤان، نوژدار، بەرسڤ، نەیار، هاڤین، ڕاڤە، ئەزبەرکردن، نها، بزاڤ، جڤاك، خامە، لڤین،هاڤیشتن، پاڵاڤتن .... ) هەندێکجار ئەم وشانە بۆ ناونانی بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی بەکار دێن و لە تیڤییەکان پێشکەش دەکرێن. وەك ( بەرنامەی نۆژداری، بەرسڤی تە، شرۆڤە، ...) هەندێکی تریشیان بوونەتە ناوی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان وەك (لڤین، ڕووناهی،... ).

لەلایەکی تریشەوە گواستنەوەی واتای وشەیەك بۆ مەبەستێکی تر واتە فراوانبوونی واتاکەی و بەکارهێنانی لە بوارێکی تردا، کە لە ڕێگەی تیڤییەکانەوە دەبیسترێ ئەویش، گواستنەوەی واتای هەندێك وشەیە کە زمانی ڕاگەیاندن بەکاری دەهێنێت ، وەك وشەی(جومگە)، کە بۆ بەشێکی لاشەی مرۆڤ و ئاژەڵ بەکاردێت گوازراوەتەوە بۆ جومگەکانی دەسەڵات یان جومگەکانی وڵات یان جومگەکانی حیزب بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەم وشەیە گوازراوەتەوە بوارێکی سیاسی، کە هەندێکجار سیاسییەکان لە ڕێی شاشەی تیڤییەکانەوە ئەم وشەیە بەکاردەهێنن. دەتوانین ڕۆڵی ڕاگەیاندنی تیڤی لەم چەند خاڵەدا کۆبکەینەوە.

١) لایەنی هەرەباشی ڕاگەیاندنی تیڤی ئەوەیە دەتوانێت بچێتە هەموو ماڵێك و وشە و زاراوەکان بەهەموو چین و توێژەکان ئاشنا بکات.

٢) ڕاگەیاندن هۆکاری گواستنەوەی وشە جیهانییەکانە بۆ ناو زمانی کوردی بەتایبەتی ئەو ناوانەی کە لەبواری زانستی گشتی و پزیشکی و بواری تەکنەلۆژیا و ئەدەب و گشت بوارەکانی تر بەکاردێن وەك (کۆمپیوتەر، سپلێت، ،سانسۆر، بایکۆت، زۆن، سیدی، میمۆری،... )

٣) ڕاگەیاندن هۆکارێکیشە بۆ گواستنەوەی وشەی گشت شێوەزارەکان بۆ ناو زمانی یەکگرتوو لە ڕێی بەرنامەی تایبەت و هەواڵەکانی تیڤییەکان کە بە چەند شێوەزارێك پێشکەش دەکرێن.

٤) تیڤیەکان کاریگەری بەرچاویان هەیە لە بڵاوکردنەوەی ئەو وشانەی ئیکۆنۆمیان تێداکراوە لە ڕێگەی ئەکرۆنیمەوە دروستبوونە بۆ نمونە دەوترێت بزوتنەوەی (حەماس) ئەکرۆنیمی فرێزی (حرکه المقاومه الاسلامیه)، (دەروون عبدالرحمان ساڵح: ٢٠١٢: ١٠٧) هەروەها چەندین وشەی تریش وەك (یوئێن، یونسێف، یونسکۆ، پەکەکە، یەپەگە، پەیەدە، پەچەدەکە، ناسا، حسك، پدك، ینك... ).

٥)هەندێکجار ڕاگەیاندنەکان گرنگی بە وشە کۆنەکان دەدەن و زیندوویان دەکەنەوە یان وشەیەکی تازە بە یاسایەکی مۆرفۆلۆجی پێکهاتوو بەکاردەهێنن، وەك (کاژێر، بەرچنە، تۆژەن، ... )

٦) تیڤییەکان گرنگی بە فروانبوونی واتای هەندێك لە وشەکان دەدەن وەك لە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، لە وشەکانی (تەشەنووج، جومگە، پایە،...) دەبینرێت.

**٣/٢) کاریگەری نەرێنی تیڤی:**

بێگومان تیڤییەکان لەگەڵ ئەوەی لایەنی باش و بەسودن و هۆکارێکن بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی نەرێنیان هەیە و هەندێکجار زیان بە فەرهەنگی زمان دەگەیەنن، ئەمەش لە کاتێکدا زیان بەفەرهەنگ دەگەیەنن، کە دەبنە هەڕەشەیەکی مەترسیدار لەسەر زمان و ڕێنووسی یەکگرتوو و نەتەوەیی واتا کاتێك هەڕەشە لەزمانی دایك دەکەن و کاردەکەنە سەر کلتور و ڕۆشنبیری تاکەکان وا لە تاك دەکەن زمان و کلتوری خۆی بیر بچێتەوە گرنگی بە وشە بیانییەکان بدات، یان هەندێکجار ڕاگەیاندنەکان کۆمەڵە وشەیەك بەکار دەهێنن کە بیانین و لە بەرامبەریاندا وشەی کوردی ڕەسەن هەن، بۆ نمونە وشەی (چێژ، تام) مان هەیە، هیچ گرنگ نییە بێین وشەی(تێست) ی ئینگلیزی بەکاربهێنین، ئەم وشەیە دووجار بە خراپی بەکاردێت.

١) هەندێك لە بەرنامەی تیڤیەکان وشەی (تێست) لە بەرامبەر (تامکردن، چێژکردن) بەکار دەهێنن، چونکە وشەکە لەزماندا هەیە هیچ گرنگ نییە بێین وشەیەکی بیانی بۆ ئەم مەبەستە بەکار بهێنین.

٢) بەکارهێنانی خودی وشەکە خۆی بەهەڵە لەلایەن ڕاگەیاندن کارەکانەوە بەکاردێ چونکە وشەکە خۆی(تایست) (taste)تام نەك(تێست)(test ، چونکە (test)بە واتای تاقیکردنەوە دێت نەك (تام کردن)، دیارە دەیان وشەی تریش بەم جۆرە هەن،کە ئەمەش کار لە هزرو بیری تاك دەکات.

**٤/٢)ئینتەرنێت و فەرهەنگی زمان:**

یەكێك لە تایبەتییەكانی زمان بریتییە لە گەشەو گۆڕان، زمان بەدرێژایی هەموو قۆناغەكانی ژیان كاریگەری تەكنەلۆژیایی لەسەر بووە، زۆرجاریش ئەم كاریگەریانە ئەرێنی بوونە لەسەر زمان. ئینتەرنێت تا ئەوكاتەی دەگاتە هێڵی سوور كاریگەری لەسەر دەوڵەمەندی فەرهەنگی زمان هەیە، ((تەكنەلۆژیای زانیاری هەنگاوی باشی بەرەو یەكخستنی هۆكاری لێكگەیشتنی ناوە، و قۆناغی باشی بریوە لە بونیادنانی ستاندارد‌ی جیهانیدا، بۆ نمونە بەكارهێنانی وشە و زاراوە گەلێكی زۆری هاوبەش لە نێوان هەموو بەكارهێنەرانیدا، وەك:(CD) و (driyevr) (disk) ))، (دارا حمید محەمد: ٢٠١٤: ١٢٥). ئەوتۆڕە كۆمەڵایەتیانەی كە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت كاردەكەن بە هۆكارێكی كاریگەری دادەنرێن بۆ بڵاوكردنەوەی كۆمەڵە وشەگەلێكی زۆر كە ژمارەیان لە دەیان و سەدان وشە تێپەڕی كردووە، لە هەموو بوارە جۆر بەجۆرەكانی ژیانی مرۆڤایەتیدا، سەرەڕای گواستنەوەی زانست و زانیاری لە ڕێی ئینتەرنێتەوە هۆكارێكی ئاسان و خێراشە بۆ ئەو گواستنەوەیە چ لە ڕووی وەرگرتن و چ لە ڕووی ناردن و پەیوەندی كردنەوە، بوونی ئەم تەكنەلۆژیایەش وەك ناوی تەكنەلۆژیاكە خۆی وەك بەكارهێنانی بەشەكانی تەكنەلۆژیاكە و گەیاندنی زانیاریە سەردەمییەكان هەموویان هۆكارێكن بۆ دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمان،((هەر لە وشەكانی (سێڵفی، فرێند، تاگ، فۆلۆ..هتد...) دەردەكەوێت كە  تۆڕەكۆمەڵایەتییەكانی ئەنتەرنێت و بە تایبەت فەیسبووك كاریگەرییەكی زۆرییان لەسەر فەرهەنگی زمان هەیە. تەكنەلۆژیای زانیارییەكان و پەیوەندی بە خێرایی بەرەو پێشەوە دەچێت و بە جۆرێك كە زۆرجار لێكۆڵینەوەكانیش كاتی پێویستییان بۆ ناڕەخسێت لە ئاستی ئەو بەرەوپێشچونە بكۆڵنەوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە كاریگەری ئەو پێشكەوتنەیە لەسەرئاستی وشەسازی)،(هیوا سەلام: ٢٠١٧: ١٨٦) لە ئێستای زمانی كوردیدا ئینتەرنێت كاریگەری فرەی لەسەر فەرهەنگ و كلتوری كوردی هەیە، ئەم كاریگەریەش زیاتر فەرهەنگی چینی گەنجانی تەنیوە، بە شێوەیەكی گشتی ئینتەرنێت ئەگەر بە ڕێگایەكی تەندروست بەكاربێت هەمیشە كاریگەری باشی دەبێت لەسەر زمان وادەكات تاكەكان هەست بە بەرپرسیاریەتی خۆیان بكەن و زمان بپارێزن و پابەندی یاساگشتییەكانی زمانەكەیان بن، بە پێچەوانەشەوە خراپ بەكارهێنان و بەشێوەیەكی هەڕەمەكی كاریگەری نەرێنی دەبێت. ئەوەی ئینتەرنێت لە جۆرەكانی تری ڕاگەیاندن جیا دەكاتەوە ئەوەیە، كە ئاسانترین ڕێگەی پەیوەندی كردنە لەڕێگەی ئامێری مۆبایل و كۆمپیوتەرەوە هەموو تاكێك دەتوانێت لە هەموو چركەساتێكدا بەكاری بهێنێت وسودی لیَ وەرگرێت، لە ناو هەموو ئامێرێكی مۆبایلدا زمانێكی گشتی هەیە، كە زۆربەی بەكارهێنەرانی لێی تیَ دەگەن، تاڕادەیەك نەك ڕێكەوتنێكی كۆمەڵایەتی بەڵكو ڕێكەوتنێكی گشتگیری تاكەكانی تێدا دەبینرێت .

**٥/٢) گرنگترین ئەو وشە باوانەی لە ڕیىَ ئینتەرنێتەوە بەكاردێن:**

لەگەڵ هاتنی ئەو تەكنەلۆژیایە و ئاشنا بوونی خەڵك پێی و بەكارهێنانی لە هەموو بوارەكانی ژیانی مرۆڤایەتیدا وشە گەلێكی زۆر هاتنە ناو زمانەوە  كە هەر یەكەیان لە بوارێكی تایبەتی خۆیدا بەكاردێت و هەندێكجاریش ئەگەر  وشەكە چالاك بێت لە بواری بەكارهێنانی

خۆی دەردەچێ بەکارهێنانێکی ئیدیۆمی دەبێت، وەك وشەی (کۆمپیوتەر) زۆرجا بەکەسانی زۆر زیرەك دەڵێن: (دەڵێیت کۆمپیوتەرە) یان کەسێك دەڵێت دەست و خەتی ئەوەندە خۆشە دەڵێی کۆمپیوتەرە، ئەگەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك بە نموونە وەرگرین دەبین بەکارهێنەرێکی یەکجار زۆری هەیە، هەرچەندە تا ئەو ساتە وەختە داتای بەکارهێنەرانی فەیسبووك نەزانراوە، زۆربەی وشەکانی ناو ئەم تۆڕە وەك خۆیان لە لایەن بەکارهێنەرانییەوە بەکاردێن، هەروەها تۆڕەکانی تریش وەك سناپ و ئینستەگرام و تانگۆ و ڤایبەر و یوتوب و تویتەر ...هتد کۆمەڵێك وشەو زاراوەیان تێدا بەکاردێت، ئەمە سەرەڕای بوونی خۆیان کە تازەن لە زماندا، دەتوانین بەچەند خاڵێك ئاماژە بەو وشە و زاراوانە بکەین کە بەکارهێنەران بەکاریان دەهێنن.

١) ناوی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و وێب سایت و بەشەکانی و هەندێك لە بەرنامەکانی (گوگڵ، فەیسبووك، تویتەر، یوتوب، فاستلینگ، سپایدەرنێت، تاب نێت، ڤایبەر، مەسینجەر، سناپ، ئینستەگرام، ئیمەیڵ، جیمەیڵ، شێرەتی، بلووتوز، ۆرد، ویندۆس، .... هتد ).

٢) ناوی ئەوبەشانەی لە تۆڕەکاندا هەن، (لایك، کۆمێنت، سەیڤ، دلیت، شێر، فۆتۆ، پیکچەر، مەسیج، سێند، چات، فۆڵۆ، گروپ، گروپچات، ئۆفیس، لۆڵ، ڕینەیم، ڕیپلەی، سێرچ، سێڵفی، تاگ، فرێند ... هتد ).

٣) ئەو ناوانەی ئیکۆنۆمیان تێداکراوە، وەك:(فەیسبووك– fb، سوپاس– sp، تەلەفۆن– tel، ...).

٤) ناوی خودی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان وەك: (پرینتەر ، سکانەر ، کۆمپیوتەر ،میمۆری ،کامێرا ، پاوەربانك ، مۆبایل، ....هتد ). ئەم وشانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پیکردن بە شێوەیەکی گشتی کاریگەری ڕاستەوخۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پیشان دەدات لەسەر فەرهەنگی زمانی کوردی لەلایەن چینێکی دیاری کۆمەڵگا.

٥) لە لایەکی تریشەوە هەندێك دەربڕین و گوزارشتکردنەکان کە ناسراون بە (Emoticon)ناودەبرێن بە (Emoji) ئەوانیش ((جۆرێکی تایبەتی زمانن و ڕۆڵی خۆیان لە نامەی ئینتەرنێتی و نامەی مۆبایل دەگێڕن، بە بەربڵاوی بەکاردێن و زۆرجار جێگەی وشەکانی زمان دەگرنەوە))، (هیوا سەلام:٢٠١٧: ١٨٦). ئیمۆجیەکانیش کۆمەڵێك وێنەی هەستی و هەڵچوونی زمانن لە چەند بارێکدا لە بری وشە بەکاردێن. وەك لە کاتی دڵتەنگی و دڵخۆشی و پێکەنین و گریان و توڕەبوون و خۆشەویستی و ڕازیبوون و چەند بابەتێکی تر.

### ٦/٢ ڕۆڵی ئینتەرنێت و تیڤی لەسەر ئەلف بێی زمانی کوردی :

ئەو نامە نووسراوانەی کە لەڕێگەی تۆڕەکانی پەیوەندی کردنەوە لە نامەی مۆبایل و مەسینجەر و ڤایبەر و ئیمێڵ و جیمێڵ، ... لە زمانی کوردیدا بەرچاو دەکەون بێگومان هەموویان بە یەك جۆر ئەلف بێ نانووسرێن، ئەم جیهانی تەکنەلۆژیایە و کرانەوە خێرایە کاریگەری

لەسەر زمان و کلتور و فەرهەنگی کوردی پەیداکرد، وایکرد تێکەڵاو بوونێکی زۆر و خێرا روویدات، لە ئەنجامی ئەم کرانەوەیەدا جگە لەم ئەلفبێ کوردییەی هەمان بوو، دوو جۆر ئەلف بیی تر هاتنە ناو زمانەوە، یەکێکیان پێی دەوترێت ئەلف بێی لاتینی، کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردە کەمێك گرنگی پێدراوە و وەك پرۆگرامی خوێندن لە قۆناغی حەوتی بنەڕەتی دەخوێندرێت، بەڵام ئامانج لێی تەنها فێرکردن و ئاشناکردنی خوێندکارە نەك بەکارهێنانی لە پرۆگـــــرامی خوێندندا، ئەوەی لێرەدا جێی سەرنــجـــە ئەوەیە هەندێك لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان گرنگییەکی زۆر بە ئەلفێی لاتینی دەدەن و کـــردوویانـە بە ئەلفبێیەکی فەرمی ڕاگەیاندنەکەیان بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە هیچ یاساو ڕێسایەك و بەرپرسیاریەتییەك، ئامانجیان ناڕوونە، لە هیچ کوێیەك دوو جۆر ئەلف بێ بەکارناهێنرێت، چونکە بڕیاردان لەسەر بەکارهێنانی پێویستی بە بڕیاری ناوەندێکی ئەکادیمی یان سیاسی هەیە، ئەمە کاریگەری نەرێنی لەسەر تاکەکانی کۆمەڵ هەیە، وادەکات هەریەکە و بە ئارەزووی خۆی جۆرە ئەلفبێیەك بەکار بهێنێت، لەلایەکی تریشەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر هەموو نووسراوە مێژووییەکان و بەرهەم و سامانی چەندین سەدەی ڕابردوو هەیە، ئایا ئەم بەرهەمانە چیان لێبکرێت بە چ حەق و یاسایەك دەسکاریان بکرێت و بگوازرێنەوە سەر جۆرە ئەلفبێیەکی تر؟ ئایا چۆن ماف خاوەنەکانیان دەپارێزرێت؟ یاخود ئامانج لە بەکارهێنانی ئەلف بێی تازە چییە؟ ئەمانە وچەندین پرسیاری تر دروست دەبێت، ئەوەی تێبینی کراوە ئەم جۆرە ئەلف بێیە کوردەکانی باکـــــور و ڕۆژئـــاوا بەکاری دەهێنن و پێی دەنووسن و دەخوێننەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئێمەی کوردانی باشوری کوردستان چەندین ساڵە ئەلفبێیەکی کوردێنراوی تایبەت بەخۆمان هەیەو گونجاندوومانە هیچ پێویست ناکات جۆرە ئەلف بێیەکی تر بەکار بهێنین، ئەگەر کەم و کوڕی لە ئەلفبێکەشمان دا هەبێت پێویستە بەدوای چارەسەردا بگەڕین نەك دانانی ئەلفبێیەکی تازە، لەلایەکی تریشەوە ئەگەر ئەلفبێی لاتینی بەکار بێت پێویستی بە دانانی فەرهەنگی تازە هەیە و دانانی فەرهەنگیش هەروا کارێکی سادە و ئاسان نییە، چەندین هەوڵی هەمەلایانە و ئەکادیمی دەوێت، تاکو دەبێت بە بەرهەمێکی زانستی و دانسقە کاتێکی زۆری پێویستە و چەندین کەسی پسپۆڕ شارەزای دەوێت بۆ ئەوەی کاری تێدا بکات، لە دواجاردا هەموو ئەمانەش پێویستییان بەلایەنێکی ئابووری بە هێزە، لێرەدا جۆری ئەلفبێی لاتینی دەخەینە ڕوو لە بەرامبەر ئەلفبێی کوردی لەگەڵ ئەوجیاوازییەی کە بەدی دەکرێت لە نێوانیاندا.

| ژمارە | کوردی | لاتینی | تێبینی | ژ | کوردی | لاتینی | لاتینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ە | E | لە ١ بۆ ٨ پیتی بزوێن | ١٩ | ز | Z | |
| ٢ | ا | A | | ٢٠ | ژ | J | |
| ٣ | ێ | Ê | | ٢١ | س | S | |
| ٤ | ی | Î | یائی بزوێن | ٢٢ | ش | Ş | |
| ٥ | و | U | واوی بزوێن | ٢٣ | ع | ' | هیچ پیتێك بۆ ع نییە |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦ | وو | Û | | ٢٤ | غ | ^ X | |
| ٧ | ۆ | O | | ٢٥ | ف | F | |
| ٨ | | I | بزرۆکه | ٢٦ | ڤ | V | |
| ٩ | ب | B | | ٢٧ | ق | Q | |
| ١٠ | پ | P | | ٢٨ | ك | K | |
| ١١ | ت | T | | ٢٩ | گ | G | |
| ١٢ | ج | C | | ٣٠ | ل | L | |
| ١٣ | چ | Ç | | ٣١ | ڵ | ˈ L | |
| ١٤ | ح | ^ H | | ٣٢ | م | M | |
| ١٥ | خ | X | | ٣٣ | ن | N | |
| ١٦ | د | D | | ٣٤ | ه | H | |
| ١٧ | ر | R | | ٣٥ | و | W | واوی نەبزوێن |
| ١٨ | ڕ | ˈ R | | ٣٦ | ی | Y | یائی نەبزوێن |

خشتەی ژمارە (١)

ئەوەی لە ئەلف بێی لاتینی تێبینی دەکرێت ئەوەیە پیتی بزوێنی بزرۆکە (i) لەوێدا هەیە و لە ئەلف بێی کوردیدا هیچ نیشانە یان پیتێك نییە، وە لە ئەلفبێ لاتینیدا پیتی (ع) نیە تەنها فاریزەیەك لەسەر شوێن پیتی (ع) دادەنرێت.

جۆری ئەلف بێی لاتینی بە دروستی بەکارنایەت تەنها ڕاگەیاندنەکانی تیڤی توانیویانە بەدروستی بەکاری بهێنن، لەگەڵ چەند کەسێکی ئەکادیمی لەبەرئەوەی جیاکردنەوەی پیتەبزوێنەکانی لەلایەن بەکارهێنەرانەوە ئاسان نییە، تەنها زمانزانەکان و کەسانی بە سەلیقە

دەتوانن ئەمە بکەن. جۆرێکی تر لە ئەلف بێ کە لەلایەن چینێکی دیاری کۆمەڵ، کە چینی گەنجانن بەکاردەهێنرێت، ئەمەیان ئەلف بێیەکی زۆر بازاڕی و بێ مانا و بێ بنەمایە، تەنها چەند کەسێکی دیاری کراوی کۆمەڵ لێی تێدەگەن ئەویش بەکارهێنانی ئەلفبێی زمانی ئینگلیزی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و خراپتر لەمەش دانان و بەکارهێنانی ژمارەیە لە جێگەی هەندێك پیت، بەڵام ئەم ئەلف بێیە لە فەرهەنگی هەموو کەسێکدا بوونی نییە.

بۆ نمونە:

Sh لە جیاتی پیتی (ش)

Ch لە جیاتی پیتی (چ)

Kh لە جیاتی پیتی (خ)

X هەندێك جار لە جیاتی پیتی (خ)

J لە جیاتی پیتی (ج)

J لەجیاتی پیتی (ژ)

Zh هەندێکجار لە جیاتی پیتی (ژ)

A هەندێکجار لەجیاتی (ا) هەندێکجار لە جیاتی (ە)

E هەندێکجار لەجیاتی (ە) هەندێکجار لە جیاتی (ا)

H هەندێکجار لەجیاتی (هـ) هەندێکجار لە جیاتی (ح)

هەر دوو پیتی (W ,U) لە جیاتی (و، وو) بزوێن و نەبزوێن بەکاردێت، بەڵام جیایان ناکەنەوە چۆن بەکاری دەهێنن.

هەردوو پیتی(I،Y)بەکاردەهێنن لە جیاتی پیتی (ی) بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و دوور لە هەموو یاسایەکی زمانەوانی.

دانانی ژمارە (٦) لە جیاتی پیتی (ش)، ژمارە (٧) لەجیاتی پیتی (ح) ژمارە (٣) لە جیاتی (ع) ژمارە (٤) لە جیاتی پیتی (چ)

## ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بەم خاڵانەی خوارەوە گەیشتین:

١) گەشەوگۆڕان لە تایبەتییەکانی زمانن و زمانیش دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتییە کەوتۆتە ژێر کاریگەری راگەیاندن بۆیە ڕاگەیاندنی تیڤی گەشە بە فەرهەنگی زمان دەدات.

٢) ڕاگەیاندنی بینراوی تیڤی لەبەر بوونی لە هەموو ماڵێکدا کاریگەری لەسەر فەرهەنگی هەموو چینەکانی کۆمەڵ هەیە، ئەرکی لێك نزیکردنەوەی دیالێکتەکان دەبینێت، بۆیە بە هۆکارێکی سەرەکی دەوڵەمەندی فەرهەنگی زمان دادەنرێت.

٣) ئینتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان توانیویانە وشەگەلێکی زۆر بهێننە ناو فەرهەنگی زمان، کە لەلایەن چینێکی دیاری کۆمەڵ بەکاردێت، و هەندێکجاریش ئەم چینە دیاریکراوە بێگوێدانە یاساکانی زمان ئەم وشانە بەکاردەهینن، بە شێوەیەکی هەڕەمەکی.

٤) کۆمەڵە وشەیەك، کە ئیکۆنۆمیان تێداکراوە لە ڕێی ڕاگەیاندنەوە پەرەیان سەندووە.

٥) لەگەڵ ئەوەی بەلێشاو وشە ڕووی لە زمانەکەمان کردووە، بەڵام کاریگەری نەرێنی لەسەر یاسای گشتی زمان دروست نەکردووە.

٦) لە ئەنجامی ئەم بەر بڵاوی تەکنەلۆژیایە و کرانەوەیەی بە ڕووی زمانی کوردیدا جۆرە زمانێکی بازاڕی لەلایەن چینی گەنجان دروست بووە، کە وشەگەلێکی وەك ئەمانە بەکاردەهێنن، (های، ئۆکەی واو، سیی یو، ... )

## سەرچاوەکان


١- ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٨٢)، گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بە ئەلف و بێی عەرەبی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

٢- جەمال عەبدول (٢٠٠٨)، بەرکولێکی زاراوەسازی کوردی، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی خانی، دهۆك.

٣- چۆڵی ئەسعەد جراد(٢٠١٣)، زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

٤- تەلار صباح عمر (٢٠١٧)، فەرهەنگ سازیی و ڕۆڵی لە پەرەسەندن و دەوڵەمەندکردنی زماندا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە(١٣).

٥- دەروون عەبدالرحمن سالح (٢٠١٢)، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٦) دارا حمید محمد (٢٠١٤)، زمان و تەکنەلۆژیای زانیاری، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە(١).

٧– ڕۆژان نوری عبدالله (٢٠٠٧)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

٨– شەهاب شێخ تەیب تاهیر (٢٠١٢)، بنەماو پێکهاتەکانی زاراوە لە زمانی کوردیدا، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

٩– عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١١)، لێکسیکۆ لۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

١٠– عەبدولوەهاب شێخانی (٢٠٠٩)، فەرهەنگی شێخانی (کوردی– کوردی)، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک.

١١– عوسمان کەریم عەبدولڕەحیم (٢٠١٤)، وشەی زمانی کوردی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی، نامەی ماستەر زانکۆی سلێمانی.

١٢– فەرهاد شاکەلی (٢٠١١)، زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا، چاپی دووەم چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

١٣– کەمال جەلال غەریب (٢٠١٢)، پرۆژەی زاراوەی زانستی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

١٤– محمد معروف فتاح، سەباح رەشید قادر (٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، دەزگای بڵاوکەرەوە بەشی ڕووناکبیری، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی

١٥– مەسعود محەمەد (١٩٨٨)، زاراوەسازیی پێوانە، بەغدا، بڵاوکردنەوەی لە ئینتەرنێتدا، (٢٠٠٤) ستۆکهۆڵم.

١٦– هیوا سەلام خالید (٢٠١٧)، کاریگەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر زمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (١٠).

١٧– بەکر عومەرعەلی (٢٠١٢–٢٠١٣)، زاراوەسازی، وانەی خوێندنی باڵا، ماستەر، کۆیە.

١٨-https://dspace.univ-ouargla.dz/jspui/bitstream/١٢٣٤٥٦٧٨٩/٥٨٤١/١٣/chapitre١.doc
١٩-www.azouzchabani.com/wp/wp-content/uploads/.../tic.guemar.doc

**Abstract**

Lexicology is regarded as the important matter for the linguistic research. It concentrates on the scientific classification in the linguistic point of view.

There are few of linguistics who gave their opinions in the field of linguistic. It a science that deserves the duty of the personality of the literature and its ecstatic then many researches about open texts and analysing them. Then to demonstrate the language elements of poetry texts.

The science of lexicology is the emportant research for the heritage of the golobalise language that need research and analysis, so the background of the future research of the future languages.

Linguistics treat the lexicology that it is a unit contains of the form and self, self is the height of language which obey the linguistics, the stactucture contain of the language discourse for prepary an aim of linguistics in which the reader eimplement the rules of linguistics.

Kurdish linguistics like any western scientists treat lexicology as a static unit treat the ways philosophy and literary which search for the base of existing lexicological linguistics with the language invention persons inter the secrets of texts.